## پرۆفایل

- مامۆستا عومەر مەلاحەسەن مرۆ لەساڵی ١٩٥٧ لە شاری هەولێر لەخێزانێکی ئاینپەروەر لەدایك بووە، کوڕی زانای ئاینی مامۆستا مەلاحەسەن مرۆیە کەیەکێك بووە لە وتار بێژە ناسراوەکانی شاری هەولێر .
- لەساڵی ١٩٧٩ بەکالۆریۆسی لەزانستە ئیسلامیەکان لەکولێژی شەریعە لەشاری بەغدا بەدەستهێناوە .
- لەساڵی ٢٠٠٥ وەك وتاربێژی مزگەوتی ڕەشاد موفتی دەست بەکاربووە .
- لەساڵی ٢٠٠٨ ماجستێری لە زانکۆی سەڵاحەددین لەبواری زانستە ئیسلامیەکاندا وەرگرتووە .
- ئێستا قوتابی دکتۆرایە لە کولێژی شەریعە لە لە زانکۆی سەڵاحەددین
- مامۆستایە لەپەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان .
- وەك زانایەکی ئاینی بەشداری دەیان کۆنفرانسی جیهانی کردووە .



## مەلا عومەر مەلا حەسەن مرۆ:

# لەم مانگەدا ڕەوشتی مرۆڤەکان بەرەو باشبوون دەڕوات، چونکە مرۆڤەکان خۆیان لەئاکاری خراپە بەدووردەگرن و هەوڵدەدەن کاری باش بکەن

**مامۆستا(عومەر مەلاحەسەن مرۆ) زانای ئایینی و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ڕەشاد مفتی، لە دیمانەیەکی تایبەتیدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسی لە پیرۆزی ئەم مانگەو سوودەکانی بەڕۆژووبوون و ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە ئەرێییانەی کرد کە سەرهەڵدەدەن؛ هەروەها مانگی ڕەمەزان لەهەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تەندروستییەکانیەوە بەسەر دەکاتەوەو دەڵێت:** مانگی ڕەمەزان بەمانگی ڕۆژوگرتن دەناسرێت، لەم مانگە پیرۆزەدا ڕۆژوو لەسەر موسڵمانان فەرزکراوە، ڕوون و ئاشکرایە ڕۆژووگرتنیش یەکێکە لەو پێنج ڕوکنەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر موسڵمانی فەرز کردووە، ئەم مانگە لە هەموو ڕوویەکەوە لەمانگەکانی تر جیاوازە، چونکە قورئانی پیرۆزی تیادا دابەزیوە، لەبەر پیرۆزی مانگی ڕەمەزان دەرگاکانی جەهەنەم دادەخرێن و لەبەرامبەریشدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەم مانگەدا ڕەوشتی مرۆڤەکان بەرەو باشبوون دەڕوات، چونکە مرۆڤەکان خۆیان لەئاکاری خراپە بەدووردەگرن و هەوڵدەدەن کاری باش بکەن، شەیتان ناتوانێت زەفەر بەکەسانی ئیماندار بدات، چونکە مرۆڤی موسڵمان هەموو ئەندامە زیندوو گرنگەکان لە جەستەیدا وەك چاوو زمان و دەستی خۆی لەئاکاری خراپ دەپارێزێت، مانگی ڕەمەزان بەمانگی برایەتی ولێبوردن دەناسرێت، زۆربەی مرۆڤەکان لەو مانگەدا هەوڵدەدەن دەرفەتێك دروست بکەن تا ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی هەیانە چارەسەری بکەن، لەم مانگەدا دەوڵەمەندەکان بەزەییان بەهەژاراندا دێتەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك مرۆڤەکان بەڕۆژوو دەبن هەست بەئازارو تینوێتی برسێتی دەکەن، تێدەگەن لەوەی کە خەڵکانێك هەن لەو نیعمەتەی ئەمان تێیدان بێبەشن و سوپاسی خودا دەکەن کە ئەو نیعمەتە جوانەی پێ بەخشیون.

### ناندانی ڕۆژووان گرنگترین سونەتی ڕەمەزانە

سەبارەت بەوسوننەتانەی کە پێویستە لەم مانگەدا مرۆڤ ئەنجامی بدات، مامۆستا عومەر مەلاحەسەن مرۆ وتی ((یەکێك لەو سوننەتانەی کەڕۆژووان پێویستە ئەنجامی بدات، دەبێت هەموو ڕۆژووانێك سحوور(پارشێو)بکات و خواردنی پێویست بخوات بۆ ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە بەتەواوی خۆی بۆ ڕۆژووگرتن ئامادە بکات و لەڕووی جەستەییەوە ئەو خۆراکەی پێویستەو بۆجەستەی خواردبێتی، تەنانەت پێغەمبەری خودا دروودی خوای لێبێت دەفەرموێت ( تسحرو فان السحور برکە) .

### تەراویح سوننەتە بەڵام خێری زۆرە

سەبارەت بەنوێژی تەراویح مامۆستا عومەر دەڵێت (نوێژی تەراویح سوننەتە نەك فەرز بەڵام خێری زۆرە، واتا واباشترە هەموو ڕۆژووانەکان لەم مانگەدا نوێژی تەراویح بکەن، چونکە پێغەمبەری خودا نوێژی تەراویحی کردووە، یەکێك لەو سونەتانەی کە زۆر گرنگە دوعاکردنە، هەموو مرۆڤەکان پێویستە لەم مانگەدا دوعا بکەن و هەروەها ناندانی کەسانی بەڕۆژوو یەکێکە لە سوننەتە هەرە گرنگەکان، پێویستە هەموو مرۆڤەکان لەم مانگەدا هەوڵبدەن خێر بکەن و هاوکاریی کەسانی بەڕۆژوو بکەن، نان بدەن بەو بەڕۆژووانەی کە باری داراییان نالەبارە.

### نەرموونیانی جوانترین هەڵسوکەوتە بۆمرۆڤی ڕۆژووان

سەبارەت بەرەفتاری ڕۆژووان لەمانگی ڕەمەزاندا مامۆستا عومەر وتی (( پێویستە کەسی ڕۆژووان زۆرنەرمونیان بێت و زمانی پاراوبێت و لەسەرخۆبێت و خۆی لەهەموو توڕەبوون و هەڵچوونێك بپارێزێت، واتا دەبێت هەڵسوکەوتی مرۆڤی بەڕۆژوو زۆرجیاوازبێت و هاوکاری کردنی خەڵك لەلایەن مرۆڤی بەڕۆژووەو زۆرگرنگەو دەبێت بەهەموو شێوەیەکی ماددی و مەعنەوی هاوکاری خەڵکی بکات، ئەگەر فەرمانبەرێك لەدەزگایەك بەڕۆژوو بوو، دەبێت بەوپەڕی بەئەمەکی و لەخۆبوردوییەوە هاوکاری ئەو کەسانە بکات کەسەردانی دەکەن، دەبێت کارەکانی لەهەموو ڕۆژێك باشتر ڕاپەڕێنێت، نابێت ڕۆژووان شەوانە نوێژوو پارشێوکردن بکاتە بیانوویەك بۆئەنجام نەدانی ئەرکی سەرشانی ڕۆژانەی، یان ڕەفتاری ناهەموار بکات و کەسی بەرامبەری بێزار بکات، ئەگەر کەسێك شەوانە نوێژو پارشێو بکاتە بیانوو بۆ ماندووبوون و تووڕەبوون وەك ئەوە وایە کە لەبەر سونەتێك ئەرکێك پشت گوێ بخات، واتا دەتوانین بڵێین مانگی ڕەمەزان قوتابخانەیەکە بۆ فێربوونی ڕەوشتە جوانەکان.

### خواپەرستی گەنجەکان کارێکی پیرۆزە

مامۆستا عومەر سەبارەت بەوەی کەهەندێك لەگەنجان لەمانگی رەمەزاندا نوێژی تەراویح ناکەن، دەڵێت ئەو کەسەی کەبەرۆژوو بووە واباشترە نوێژی تەراویح بکات، بەتایبەتی پێویستە گەنجان بەرێکوپێکی فەرزو سوونەتەکان ئەنجام بدەن و بەپێی توانا بۆنوێژی تەراویح سەردانی مزگەوتەکان بکەن، چونکە عیبادەتی گەنج لەلای خودا زۆر گرنگ و پیرۆزە.

### نەزەرکردن رۆژوو سوك دەکات

سەبارەت بەنەزەرکردن مامۆستا عومەر وتی (یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی بەرۆژوو بوون پاراستنی چاوە لە دیتنی هەموو شتە حەرام و نابەجێیەکان، راستە بەرۆژووبوون روکنێکە و فەرزە بۆ هەموو تاکەکان بەڵام نەزەرکردنیش دەبێتە هۆی سوکبوونی رۆژووەکە، چونکە حیکمەتی بەرۆژوو بوون لەوەدایە کە مرۆڤەکان چاویان لەهەموو شتێکی ناپەسەند بپارێزن، چۆن خۆیان بەرۆژوو کردووە ئاوهاش چاویان بەرۆژووبێت.

### رێزگرتنی مانگی رەمەزان جوانترین دیاردەیە

سەبارەت بەدیاردە جوانەکانی مانگی رەمەزان مامۆستا عومەر وتی ((جوانترین سیفەت لەم مانگە ئەوەیە کە هەموو خەڵك تەنانەت ئەوانەی کە بەرۆژووش نابن رێزی مانگی رەمەزان دەگرن، بەجۆرێك هەموومان هەستدەکەن کە خەڵکەکە وازیان لەخواردن و خواردنەوە هێناوەو هەموویان بەشێوەیەکی رێکوپێك لەیەکتری نزیکبوونەتەوەو بەجوانی مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن.

### سەردانی سەرقەبران لەسەرەتای ئیسلامدا قەدەغەبوو، سەردانی سەرقەبران لە یەکەم رۆژی جەژندا عورفە نەك سوونەت

سەردانی سەرقەبران بۆ ئەوەیە کە زیندووەکان مردووەکانیان بەبیربێتەوە، سەبارەت بە سەردانکردنی سەرقەبران لە یەکەم رۆژی جەژن یان دواڕۆژی رەمەزاندا مامۆستا عومەر وتی سەردانی سەرقەبران لەسەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا قەدەغەکرا، بەڵام دواتر پێغەمبەری خودا درودی خوای لیبێت فەرمووی ((برۆن زیارەتی سەرقەبران بکەن بۆئەوەی مردووەکانتان بەبیر بێتەوە))لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤەکان بەبەردەوامی سەردانی سەرقەبران بکەن، بەڵام وەك خۆمان دەزانین جەژن سوننەتە، هەموو مرۆڤێك جەژن بکات باشترە نەك بچێت بۆسەرقەبران، من بەڕای خۆم وای بەباشتر دەزانم کە لەکاتێکی تردا خەڵکی بچن بۆسەرقەبران نەك لەرۆژی یەکەمی جەژندا، لەبەر ئەوەی چوونی خەڵك بۆسەرقەبران لەیەکەم رۆژی جەژندا عورفێکی کۆمەڵایەتیە نەك سوننەتێکی ئایینی.

### واباشترە هەموو ئافرەتێك لەرەمەزاندا بە باشی خۆی بپۆشێت.

سەبارەت بە باش خۆنەپۆشینی ئافرەتان لەمانگی رەمەزاندا مامۆستا عومەر وتی (( ئافرەتێك لەبەیانیەوە تا ئێوارە لەپێناوی خودای گەورەدا خواردن وخواردنەوەی لەخۆی حەرامکردووە، واباشترە کە هەموو ئەندامانی گیانی خۆی بپۆشێت، هەرچەندە ناتوانین بڵێین ئەو ئافرەتانەی کەخۆیان ناپۆشن رۆژووەکەیان قبوڵ نییە، ئەوان شتێکی زۆرگەورە دەکەن کەبەرۆژوو بوون، لەبەرئەوە وەها باشترە کە ئافرەت لەپێناوی خودابەرۆژوو بێت و لەچکیش بکات.

**ئەگەر فەرمانبەرێك لەدەزگایەك بەرۆژوو بوو، دەبێت بەوپەڕی بەئەمەکی و لەخۆبوردوییەوە هاوکاری ئەو کەسانە بکات کەسەردانی دەکەن. دەبێت کارەکانی لەهەموو رۆژێك باشتر راپەڕێنێت**

### بەکارهێنانی حەبی مەنع لەرەمەزان دروستە

سەبارەت بەبەکارهێنانی حەبی مەنع لەمانگی رەمەزاندا لەلایەن ئافرەتانەوە بۆئەوەی بەرۆژووبن مامۆستا عومەر وتی ((بەڕای زۆربەی زانایانی ئایینی بەکارهێنانی حەبی مەنع دروستە بۆ ئافرەتێك بیەوێت بەرۆژووبێت، وەهاباشترە کاتێك کەئافرەتێك ئەم کارە دەکات سەردانی دکتۆری پسپۆربکات بۆئەوەی زیانی بۆ باری تەندروستی نەبێت، بەڵام من وەك زانایەکی ئایینی وەهام پێ باشترە کە ئەوئافرەتانە،هەر وەك چۆن خودا لەرووی فسیۆلۆژییەوە ئەم حاڵەتەی پێبەخشیون باشترە دەستکاری نەکەن، چونکە عوزری شەرعییان هەیەو دواتر رۆژووەکان بگێرنەوە، واتاحاڵەتی جەستەییان چۆنی خواست دەستکاری نەکەن.

**دەبێت سەرۆکی خێزان سەرفترە بدات کە بۆهەر ئەندامێکی خێزان سێ هەزار دینار دانراوە. پێویستە سەرفترە بەخەڵکی زۆر هەژار بدرێت**

### هەندێك کەس ئەوەی حەڵاڵە حەرامی دەکەن و کەچی حەرامیش دەخۆن

سەبارەت بەگران کردنی شتومەك لەمانگی رەمەزانی پیرۆزدا مامۆستا عومەر وتی بەداخەوە زۆر لەبرا بازرگانەکان پێویستە لەماناکانی خواپەرستی بزانن، هەندێکیان بەرۆژوو دەبن بۆ ئەوەی خودا لە خۆیان رازی بکەن بەڵام بە گرانکردنی کەلوپەلە پێویستەکان خۆیان گوناه باردەکەن بەجۆرێك شتە حەڵاڵەکان لەخۆیان حەرام دەکەن، لەپێناوی خودادا بەرۆژوو دەبن بەڵام حەرامیش دەخۆن چونکە ئەو قازانجەی کە لەگرانبوونی نرخی شتومەك دەیکەن بۆ خۆی حەرامە.

### سەرفترە دەبێت بەکەسانی هەژار بدرێت

دەربارەی سەفترەو زەکات مامۆستا عومەر وتی ((سەرفترە ئەرکێکی ئاینیانەیە کە بۆ رۆژووان دانراوە لە دوای بەرۆژووبوون و بەر لەرۆژوو شکاندنی لەجەژندا هەموو رۆژووانێك پێویستە سەرفترە بدات، ئەوەی گرنگە دەبێت سەرۆکی خێزان سەرفترە بدات و بۆهەر ئەندامێکی خێزان سێهەزاردینار دانراوە، پێویستە سەرفترە بەخەڵکی زۆر هەژار بدرێت، لەرووی کاتیشەوە سەرفترە دەبێت زووبدرێت بەلانی کەمەوە دە رۆژێکی مابێت بچینە ناوجەژنەوە، بۆئەوەی ئەو کەسە هەژارەی سەرفترەکەی پێدەبەخشرێت بتوانێت سوودی لێوەربگرێت.

### زەکات واباشتر لەهەمان شاری خۆماندا کە لێی نیشتەجێین دابەشی بکەین


سەبارەت بەزەکات مامۆستا عومەر وتی زەکات یەکێکە لەپێنج روکنە سەرەکیەکەی ئایینی ئیسلام هەموو کەسێك لەبری پێنج ملیۆن دینار پێنج سەد هەزار زیاتری هەبێت ساڵێك بەسەریدا تێپەری بێت.

دەبێت سەدوسی وپێنج هەزار دینار بدات و لەو پارەیەی هەیەتی وەك لێی دەربکات، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیە، دەبێت زەکات بدرێت بەخەڵکی ئەو شارەی کەخۆت تیایدا دەژییت، بەبەڵگەی ئەوەی پێغەمبەری خودا کە معازی کوڕی جەبەلی بۆیەکێك لەشارەکان نارد، پێغەمبەر بە معازی وت ((بەخەڵکی ئەوشارە بڵێ زەکات بەخەڵکی هەژاری شاری خۆیان بدەن)).

سەبارەت بەو کەسانەی کەزەکاتیان پێدەشێت دەبێت خەڵکی فەقیر بن خەڵکانێك بن کەزۆر نەداربن و نەتوانن بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیان بەرێوەببەن یان (مسکین ) بن کەلەرووی ئابوورییەوە کەمێك لە فەقیر باشترە، یان کەسێکی قەرزار کە بەهۆی کاری حەلاڵ وباشەوە تووشی قەرزداری بوبێت، یان دەتوانرێت لەهەندێك کاتدا زەکات بە(عاملین) بدرێت واتا ئەوکەسانەی کەزەکاتەکە کۆدەکەنەوەو دابەشی دەکەن، لەهەندێك حاڵەتی تایبەتیدا بەتایبەتی لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا (موئەلەفەتی قلوبهوم) دانراوە واتا کەسایەتیە ناودارەکانی کۆمەڵ و ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە لەبەر ئەوەی بتوانن هانی خەڵك بدەن کەبێنە ناوئایینی ئیسلامەوە، بەڵام ئەمە لەسەردەمی ئیمامی عومەردا لابرا .

### زەکات دروست نییە بدرێت بەدایك وباوك

سەبارەت بەوەی کەزەکات جاهیزە بدرێت بەدایك و باوك و خوشك و برا، مامۆستا عومەر وتی (بەهیچ شێوەیەك زەکات جاهیزنییە بدرێت بەدایك و باوك، لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرشانی مندالە، دایك وباوك بەخێو بکات، بەڵام خوشك وبرا ئەگەر زۆرهەژاربن و مەرجەکانیان تیادا هەبێت هەندێك لە زانایان دەڵێن دروستە زەکاتیان بدرێتێ.



# ڕێژەی هاوسەرگیری ڕووی لە زیادبوونە یان کەمبوون؟!

**پرۆسەی هاوسەرگیری تاکە ڕێگەیە بۆ بەردەوامبوونی ژیان و شارستانیەتی مرۆڤایەتی و سەرچاوەی پێکەوەنانی خێزانە، وەك جۆن لۆك دەڵێت هاوسەرگیری جەنگێکە زوو بێت یان درەنگە هەموومان ئەنجامی دەدەین، ئەوەی شایەنی وتن بێت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا شان بەشانی زیادبوونی داهاتی تاکە کەسی و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، کەچی ڕێژەی هاوسەرگیری ڕوولەکەمبوونەوەیەوە لە بەرامبەردا ڕێژەی جیابوونەوە لە هەڵکشاندایە، بەپێی ئەوئامارانەی لە دادگای هەولێر بەدەستمان گەیشتووە (٧٤١٣) گرێبەستی هاوسەرگیری لەشەش مانگی یەکەمی ٢٠١٠دا تۆمارکراوە، بەڵام دواتر ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ کەمتر، لەکاتێکدا (٨٥٣) حاڵەتی تەڵاق هەبووە کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگا .**

### گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارن

کۆمەڵگەی ئێمە بە قۆناغی تایبەتیدا تێدەپەڕێت، لە کاتی گۆڕانکارییەکاندا لەهەموو کۆمەڵگەکاندا ڕێژەی هاوسەرگیری کەمدەبێتەوە، ئەمە باوەڕی جەعفەر مایی شارەزای کۆمەڵایەتی لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، مایی ئاماژەی بەوەدەدا کە هەموو کۆمەڵگەیەك لەکاتی هەنگاونانیدا لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی نوی ڕووبەڕووی کێشەی کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێتەوە، ڕوون و ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردەواری لەکۆمەڵگەیەکی خێڵەکییەوە هەنگاو دەنێت بەرەو مەدەنی بوون، لەبەر ئەوە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکاریان بەسەردادێت و پرۆسەی هاوسەرگیری ڕوولەدابەزین دەکات و تەڵاق زیاد دەبێت .

### زیادبوونی پێوەندییە سێکسیەکان هۆکاری دابەزینی پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی تەڵاقن

ئاکۆ ئەحمەدی دوکاندار ئاماژەی بە زیادبوونی پێوەندییە سێکسیەکانی دەرەوەی خێزان و ژیانی هاوسەرێتی کرد کە هۆکاری سەرەکی دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیرییە، چونکە بەشێکی زۆری گەنجەکان لەجیاتی ژنهێنان ڕوودەکەنە ئەنجامدانی کاری سێکسی، بێجگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆری پیاوەکان متمانەیان بەژنەکانیان نەماوە، چونکە هەموو پیاوێك ئەوەندە شتی ناپەسەندو ناڕەوا دەبینێت، دڵی لەژنەکەی پیس دەبێت و تەڵاقی دەدات، من ئەوەندە کاری بەدرەوشتی لەناو بازاڕ دەبینم بڕیارمداوە هەرگیز ژن نەهێنم و بە ڕەبەنی بمێنمەوە.

### گرتە سێکسیەکان هۆکاری زیادبوونی تەڵاق و کەمبوونەوەی هاوسەرگیرین

ساوێن ئەحمەدی فەرمانبەر پێیوایە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت، هۆکاری سەرەکین بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری، بەجۆرێك ئەوەندە وێنەی کچان وژنان لەناو مۆبایلدا بڵاودەبێتەوە کەس متمانەی بە کەس نەماوە، بەهۆی زۆربوونی مۆبایل هەموو پیاوێك گومان لە ژنەکەی دەکات، زۆر پیاو هەیە بەهۆی بڵاوبوونەوەی وێنەیەکەوە ژنەکەی تەڵاق دەدات، زۆرجار ژن تەڵاق دەدرێت لەبەر ئەوەی کە تەلەفۆنێکی لە کەسێکی غەریبەوە بۆ هاتووە، هەموو کوڕێك گومان لەو کچە دەکات کە خۆشی دەوێت ئیتر چۆن پرۆسەی هاوسەرگیری لە کاتێکی ئاوها شڵەژاودا دروست دەبێت .

### یاسای فرەژنی هۆکاری سەرەکی زیادبوونی تەڵاق و دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیرییە

شنۆ سەرداری پارێزەر وای دەبینی یاسای قەدەغە کردنی فرە ژنی هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقە، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لە پیاوان کە دەیانەوێت ژنی دووەم بهێنن ژنی یەکەمیان تەڵاق دەدەن، چونکە بەندوباری زۆر بۆ فرە ژنی دانراوە، کاریگەری زۆری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، کۆمەڵگەی ئێمە ڕێژەیەکی زۆری قەیرە کچ و بێوەژنی تیادایە، بۆیە بوونی یاسایەکی لەو شێوەیە



گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر ڕێژەی هاوسەرگیری .

دواتر عبدولفەتاح ساڵح لەدادگای باری کەسی سەبارەت بەپرۆسەی هاوسەرگیری وتی: زۆرترین ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێو چینی ناوەندو هەژاراندا ڕوودەدات و کەمترین ڕێژە لەناو چینە دەوڵەمەندەکاندا ڕوودەدات، کەمترین ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەنێو چینی دەوڵەمەندەکاندایە.

**زانایانی ئایینی ودەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆڵێکی کارا ببینن**

ئارام عومەرتوێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت کەمبوونەوەی هەستی ئایینی و نەمانی متمانە لەنێوانی هەردوو ڕەگەزدا هۆکارێکی سەرەکییە، تەنیا ڕێگەچارە دروستکردنەوەی متمانەیە لەنیوانی ئەندامانی کۆمەڵگەدا، چونکەلەکاتی ئێستادا لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە سێکسیانەوە لەنێوان کوڕان وکچاندا متمانە لەنێوانیادا نەماوە کەئەمەش گەورەترین قەیرانە لەکۆمەڵگەکەماندا، بێگومان مامۆستایانی ئایینی دەتوانن لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە ڕۆڵێکی کارا بگێڕن و هانی گەنجەکان بدەن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بەهۆی بەرنامەکانیانەوە مەترسی پەیوەندییە سێکسیەکان بۆ گەنجەکان بەدەربخەن و هانیان بدەن بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری .

**گرانبوونی زێڕ کاریگەری نییە لەسەر دابەزین یان بەرزبوونەوەی ڕێژەکە .**

فوئاد کەمالی زێڕنگەر ئاماژەی بەوەدا هەرگیز گرانبوونی زێڕ نەبۆتە هۆی کەمبوونەوە یان زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیری چونکە زۆربەی گەنجان ئێستا باری ئابووریان باشەو دەتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن بەڵام کەمبوونەوەی پرۆسەکە هۆکاری تری هەیە لەوانە نەمانی متمانەی مرۆڤەکانە بەیەکترەوە .

**لاسایی کردنەوەی نەریتی ڕۆژئاوا وفەرامۆشکردنی ئایین هۆکاری قەیرانەکەیە**

مامۆستا عومەر حەسەن مرۆ ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ڕەشاد مفتی سەبارەت بە هۆکارەکانی دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری و زیادبوونی جیابوونە ئاماژەی بەهەندێك هۆکاردا لەوانە تێکەڵاوبوونی نەریتەکانی نێوان کۆمەڵگەکان کەکاریگەری سلبیان کردۆتە سەر ڕەوتی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا نەریتە سلبیەکان وەردەگرێت، بێگومان ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەو هەڵوەشانەوەی خێزان ئەمە بێجگە لەوەی فەرامۆشکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دابەزینی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەکەماندا.



کێشانی وێنەی تابلۆی سەیر و سەرنجڕاکێش بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو و بەرچاو بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا و ڕۆژانە مۆدیل و تابلۆی جوان لەسەر شوێنە هەستیارەکانی لەشیان دەکێشن، تاتۆ لە کۆنەوەش بەکارهاتووە و لە کوردەواری کوتانیان پێگوتووە، ئەویش زیاتر لەشێوەی ڕەمزێك کە ناوی کەسێکی خۆشەویست یاخود وێنەیەکی لەسەر دەست یان ڕووخساریان دروست دەکرد، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا پێش نەکەوتبوو.

# تاتۆ لەناو گەنجان مۆدیلە

ئا: ساند سلێمان

### وەکو گەنجەکانی ئەوروپا حەزم بەتاتۆ بوو

نەوزاد ئەبوبکر گەنجێکی تەمەن ٢٤ ساڵە، لەسەر هەردوو قۆڵی وێنەی ماری بە تاتۆ دروستکردووە و دەڵێت «دەمێکە زۆر ئارەزووم لە دروستکردنی وێنەیەك بوو بە تاتۆ، کە دەمبینی لە جەستەی هاوڕێیەکانم کرابوو ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین یاخود گەنجەکانی ئەوروپا جۆرەها تاتۆیان دروستکردبوو زۆر حەزم لێی بوو، بەڵام دوای ئەوەی بینیم لێرەش دەکرێت بڕیارمدا منیش دروستی بکەم بەبێ گوێ دانە قسەی خەڵك و ماڵەوە، دوو ساڵ دەبێت دروستم کردووە، ئەو کات نرخەکەی گران بوو، چونکە شتێکی تازە بوو لەلای ئێمە».

### دەمەوێت خەڵك تاتۆکەم ببینێت

نزار کەریم ڕواندزی گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵە، لەسەر جەستەی وێنەی جۆراوجۆر بە تاتۆ کێشراون، بەشێکیان شێوەی ترسێنەرن، ئەو گەنجە وێنەی تاتۆکانی سەر جەستەی بەکامیرا دەگرێت و لەسەر لاپەڕەکانی فەیسبووك بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت «ئامانجم لە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە تەنیا ئەوەیە کە خەڵك لە جوانی تاتۆی سەر جەستەم تێبگات، حەز دەکەم هەموو کەس بیبینێت».

### تاتۆی سادە بۆ ئافرەت جوانە

لارا عیسا کچێکی تەمەن ١٧ ساڵە خوێندکاری دواناوەندیە و دانیشتووی شاری سلێمانیە، یەکێکە لەو کچانەی کە ئارەزووی تاتۆ دەکات و لەسەر باسك و قاچی وێنەی پەپولە و گوڵ و دووپشك بەکاردێنێت و دەڵێت «بەلای منەوە تاتۆی بچووك و ناسك و سادە لەسەر قوڵ و قاچی ئافرەت جوانیەکی تایبەتی خۆی هەیە زۆر سەرنجڕاکێش و مۆدێرنیشە، بەڵام ئێمە زیاتر هەوڵدەین ئەو جۆرە لەزگانە بەکاربێنین کە لە شێوەی تاتۆ نەخشێندراوە، چونکە ئەوانە بۆ ماوەیەکی کاتییە و زیانیشی نییە لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەدڵی خۆمان جۆری وێنەکە بگۆڕین».

### هاوسەرکەم حەز بەتاتۆ دەکات

مۆژدە ئافرەتێکی ٣٥ ساڵە خاوەن ٣ منداڵە







باس لەوە دەکات کە ئەو چەندە ئارەزووی لە بەکارهێنانی کەلوپەلی جوانکاریە، هاوسەرەکەشی دوو ئەوندە حەزی بەجوانییە و دەڵێت «هەرگیز بیرم لە دروستکردنی تاتۆ نەکردبۆوە لەسەر جەستەم، بەڵام لەسەر داواکاری هاوسەرەکەم لە سەفەرێك بۆ وڵاتی سوید جوانترین وێنەی گوڵ لەسەر پشتم دروستکردووە کە ڕەنگاوڕەنگە و سەرنجڕاکێشە».

### زیانەکانی تاتۆ لەسەر پێست

د.کامەران عومەر شارەزا لە بواری پێست دەڵێت «ڕاستە تاتۆ جوانییەکی تایبەتی هەیە و بۆ ماوەیەکی کاتییە، بەڵام ئەگەری تووش بوون بەچەند نەخۆشیەکی پێستی لێدەکەوێتەوە وەکو ئایدز، شێرپەنجە ئەوەش لەو کاتەی کە وێنەکە لەسەر جەستەکە دروست دەکرێت ئەگەری ئەوە هەیە ئامێرەکە هەڵگری نەخۆشی و ڤایرۆس بێت کە لە جەستەی کەسێکی ترەوە هەبووبێت یاخود تێکەڵبوونی ڕەنگەکان کە دەچێتە ژێر پێستەوە ئەمانە هەمووی ماددەی کیمیایین و زیانی هەیە بۆ سەر پێست، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی لادانی تێچوونێکی ماددی زۆری دەوێت و پێویستە بە تیشکی لێزەر لابدرێت یاخود دەرمان، ئەویش بەباشی لای نابات».

### کچان لە شوێنی شاراوە تاتۆ دەکەن

چرۆ ئیسماعیل خاوەنی ئارایشگای ڕۆنیاز کە شارەزاییی لە جوانکاری و نەخشەکانی تاتۆ هەیە دەڵێت «سەرەتای دروستبوونی تاتۆ لەلای چینییەکانەوە بوو، دوای ئەوە لەلایەن هۆزە عەرەبەکانیش بڵاو بووە، لە ڕێگەی ئێرانەوە هاتۆتە کوردستان و ئەوانەی بەکاری دێنن زیاتر لاسایی کردنەوە یاخود بەمەبەستی جوانکاریە، کوڕ زیاتر هەوڵدەدات لەسەر جەستەو قۆڵەکانی تاتۆی گەورە دروست بکەن، بەڵام کچەکان زیاتر شوێنە شاراوەکانی جەستە بەکاردێنن بۆ سەرنجڕاکێشی و جوانی».

**دڵ پیسـی سـیفەتێکە لە دەروونی مرۆڤەکاندا هەیە، بۆیە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، بەبێ ئەوەی ئاگاداربین لە ناخمانەوە پەروەردە دەبێت و لەوانەیە ببێتە هەڕەشـەیەکی ترسـناك و هۆکارێك بۆ تێکدانی شـیرازە و تەبایی خێزان و دوور نییە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و ئازاردانی کەسە خۆشەویستەکانمانی لێبکەوێتەوە، ئەو کاتەش پەشیمانی دادمان نادات.**

# دڵ پیسی دەبێتە مایەی هەراسانکردنی خۆشەویستەکان

### دڵ پیسی ژنەکەم هەراسانی کردووم

ڕەوشـت ڕەسـول پیاوێکی تەمەن ٣٧ ساڵە خاوەن ٤ منداڵە و بازرگانە، بەهۆی ئەوەی بەردەوام بەکارەکەیەوە سەرقاڵە و هاتووچۆی وڵاتانی دەرەوە دەکات، ژنەکەی دڵ پیسـی لێدەکات، ڕەوشت دەڵێت «دڵ پیسیی ژنەکەم و گلەییەکانـی زۆرجار هەراسـانم دەکات، چونکە مـن بەکارکردن و بـە بەخێوکردنی ئـەو و منداڵەکانمەوە خەریکـم و بۆ ئەوان بازرگانـی دەکـەم و ماندوو دەبـم، بەڵام هاوسەرەکەم هەست و بیرکردنەوەی جۆرێکی تـرە، بۆیە زۆربەی کاتەکان کە لەدەرەوە بم و کارم نەبوو، هەوڵدەدەم لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە قسـەی لەگەڵ بکەم بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات خۆشمدەوێ و هەرگیز ناپاکی لەگەڵ ناکەم».

### برایەکەم دڵ پیسی لە خۆم و خوشکەکانم دەکات

بێریڤـان نەسـرەدین قوتابـی کولێـژی هونەرەجوانەکانە پێیوایە دڵ پیسی ناشرینترین سیفەتی مرۆڤە بەتایبەت بۆ ئافرەت زۆر کێشەیە کە مێردەکەی دڵ پیسیی لێبکات و دەڵێت» هەر کەسێك کـە خوازبینیـم دەکات سـەرەتا ئەو پرسـیارەی لێدەکەم کە بزانم کەسێکی دڵ پیسە یان نا، چونکە لە ماڵەوە برای گـەورەم دڵی لـە هەموو خوشـکەکان پیسە بۆیە هەسـت بەو ئازارە دەکەم کە دڵ پیسی چەندە ناخۆشە و زیانی لەسەر دەروونمان هەیە بەتایبەت ئەو کاتانەی دەچوومە دەوام سـەرەتا بـەدوام دەکەوت بۆ ئـەوەی دڵنیابێت بزانم دەچمـە دەوام یان نا یاخود کاتێ لـە دەرەوەیـن پێوەندیمان پێوە دەکات لـە جارێك زیاتر بۆ ئـەوەی بزانێت بۆ کوێ چووین، بەڕاسـتی لەم کردەوانەی بێزار بووینە، چونکە ئەوە لەخەمی ئێمە نییە بەڵکو لێی بۆتە نەخۆشی دەروونی».

### حەقی خۆمە دڵ پیسی لە دەسگیرانەکەم بکەم

سـەنەریا کچێکە تەمەنی ١٩ ساڵە ماوەی سـاڵێکە مارەبڕکراوە و دەڵێت»هەندی جار دڵ پیسی لە دەسگیرانەکەم دەکەم ئەوەش بە حەقی خۆمی دەزانم، چونکە زۆرم خۆشدەوێت و نامەوەی لەدەسـتی بدەم. بۆیە پێویسـتە لێپێچینەوەی لەگـەڵ بکەم بۆ ئەوەی بزانم هاوڕێیەتـی کێ دەکات و بۆ کوێ دەچێت، بـەڵام هەرگیز بەو جۆرەش هەڵسـوکەوت ناکەم کە ببێتـە مایەی بێزاربوونـی، چونکـە خۆشـی دەزانێت ئەوە لە خۆشەویستیانە وا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەم».

### پێویستە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن

کارمەنـد عەزیز عەلی توێـژەری دەروونی دەڵێـت «پێویسـتە هەر لە سـەرتاوە ئێمە جیاوازی لەنێوان بەخیلی و دڵ پیسی کردن بکەیـن، کە هەردوو سـیفەتیش لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤەوە دروسـت دەبن، بەخیلی یاخود ئیرەیی ئەوەی کە کەسـێك شـتێکی نەبێت و خەڵـك هەیبێت، بـەڵام حەز لەوە دەکات ئەو شـتە لـەوان وەربگرێت و ببێتە موڵکی ئەو، بەڵام دڵ پیسی یان غیرەکردن ئەو سیفەتە کاتێك گەشە دەکات کە کەسێك شتێکی هەیە لەبەرامبەر ئەوە هەست بکات خەڵکانێك هەن دەیانەوێ ئەو شتەی لێبستێنن جا زۆر جار ئەو غیرە کردنە لەنێوان ژن و پیاو لە ئەنجامی خۆشەویستیەکی بەهێزی ژنەکە بۆ پیاوەکە یاخود پیاوەکە بۆ ژنەکە دروسـت دەبێت یاخود پیاو هەیە تووشـی دڵ پیسی دەبێت لە ژنەکەی کە غیرە لە هەموو کەسێك دەکات، بۆیە هەر کەسێك کە هەستی بەوە کرد تووشی دڵ پیسی دەکات لە بەرامبەرەکەی پێویستە سەردانی نەخۆشی دەروونی بـکات بۆ ئەوەی چارەسەری تایبەتی بۆ دابنێت، چونکە غیرەکردن و دڵ پیسی مەترسی تـووش بـوون بە نەخۆشی دەروونی لێدەکەوێتەوە».

